# ئەمیری درەوشانەوە

کەریم دەشتی

تازە لە مەیخانەکانی ئوروک، وەک دوو
سەرگەردانی ماندوو،
لە ڕاوی تریفە دەگەڕاینەوە، کە هێشتا بۆنی
شەرابی پوونگ
شەلاڵی وەهمی دەکردین
بریا بەرلەوەی ئیرەمی ئەوینمان داڕمێ، ئێمە
لەو کاتەدا دەمردین پێم وت ئەی ئەمیری
درەوشانەوە:
تۆ سەرچاوەی ڕۆشنایی کە دادەگیرسێی، فەلەک
لە سووڕان دەکەوێ و کەون لە ناو پرتەوی تۆ
دادەکەوێ، ڕێگەکان پڕ دەبن لەو ڕێبوارانەی،
بۆ ڕاوی ڕووناکی لە نێوان بەهەشتی ونبوو و
دۆزەخەکانی سەر زەمین دەپەڕنەوە.
کێڵگەکان بانگی تاوە بارانی سپیی دەکەن، برژێتە
ناو خەونی سەوزبوونیان، چیتر گیرۆدەی دەستی
زێماری دوای مەرگی زێیەکان نەبنەوە.
ئەو زێیانەی هەر لەسەردەمی خۆکوشتنی کچانی
قەلای دمدمەوە دلۆپێ ئاویان تێدا نەزایەوە، بەم
چاوانەی خۆم بینیم، کە داگیرسای چەپک چەپک
شەپۆلیان دەبەشییەوە.
چۆن چۆنی ئاوەکان بەسەر کەنارە لماوییەکانی
خۆیانەوە گوڵەستێرە تاریکییان لە گۆڕ دەناو
بۆ ناو سەمای قەفقاسی دەچوون، ئێستاش
پیاوەکانی مەملەکەتی قەلا خۆیان لە پیرۆزیی ئەو
ئاوانە دەشۆنەوە.
ئەو دەمانەی باغەکان پڕ دەبن لە ناڵەی گیا
و هاواری ڕەگە سیسبووەکان و ئاشقە دڵ
ژاکاوەکان، هەموو دارکاژەکان بەدواتەوەن تا



داتگیرسێنن و ڕزگاریان کەیت لە مەینەتی وەرین
و بەپێوە مردن.
داگیرسانی تۆ، داگیرسانی خودایە لەنێو ڕۆحە
خەمبارەکان، زیندووبوونەوەی خنکاوەکانە لە
کەنار دەریا و بەندەرەکان
کە هاتوهاواریان لەدەست بێڕەحمیی ئاو دەگاتە
حەوت تەبەقەی ئاسمان.
ئەی ئاو ئەی ئاو، بۆ تاوێ گەروومان بەردە گوێ
لە ئاوازی داگیرسان بگرین، بەر لەوەی لەباوەشتا
ساردبینەوە و لە ڕێی دووروودرێژی گەیشتن بە
مەلی ئازادی بمرین.
داگیرسانی تۆ گەڕانەوەی ئەو نەهەنگانەن، کە
لەژێر تریفەی مانگدا، ڕۆشنایی ڕێگەیان تێکەڵ بە
سەراب بووە و لە ئوقیانووس دابڕاون
غەریبی ئاو کەشەنگی کردبوون.
سەیری پاندا سپی شەوقەکان بکە، هەموو سوور
هەڵگەڕاون، وادەزانن دەریا داگیرسانی تۆیە و
تریفە لە دنیا بەر بووە و
ئاگری پیری لە تەوقی سەریان گیر بووە.

جارێ لە بیابان داگیرسای، بوو بە قیامەتی
گەڵاوگوڵی پڕ نوور و گوڵجاڕی دامێن و
لووتکەکان، دەریاکان پڕ بوون لە کەشتی
ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات، کە لەترسی مانەوەیان
لە نێو تۆڕی ڕاوچییە قاچاغچییەکان، گەیشتنە
گومەز و منارەی ئەو شارانەی ساڵەهایە خەونیان
پێوە دەبینی.
زەوی پڕ بوو لەو کەسانەی بە شانی خاراویان،
گەنمی ژیانیان لە هەرێمی خوداوەندەوە بۆ
سنووری برسییەکان دەگواستەوە
پاڵەوانە ئەفسانەییەکان سەرلەنوێ لە ڤالهالا،
دەگەڕانەوە بۆ شەقکردنی زوڵمەتی زەوی و
تارومارکردنی زوڵمەتی ئینسان.

من تازە لەگۆڕستانی بابلەوە دەگەڕامەوە، لەو
کاتەی کە لەگەڵ کەژاوەی نارامسیندا، کە هاواری
دەکرد من ئەو کەسەم کە ئاسۆ بە شمشێر
دەکەمەوە.
تەرمی ئەو ژنانەمان دەشاردەوە، کە لەگەڵ
ئەمیتای میدیادا
لەخەمی باغە جوانەکانی زێد و ئاوی شیرینی
نیشتمانی خۆیان، بە زگیان دەداو نەفرەتیان لە
کسارسیا دەکرد.
تازە لە چیمەنە سەوزەکانی نەینەوادا، لە جەنگی
تەتەرەکان هاتبوومەوە، کە بۆ نەهێشتنی جەژنی
بە قوربانیکردنی کچە جوانەکانی بەتلیس،
چووبوومە بەر دەرگەی قوربانگەکان و چەندان
هەزار مانگای دێری ڕەبەنانم لەگەڵ خۆم بردبوو،
بەڵام ئاخ چەند چاوەڕوانی داگیرسانی تۆم
کرد، چاوم ڕژاو دانەگیرسای، ئەو کاتە هەموو
سەرزەمین پێویستی
بە تاڵەتیشکێکی داگیرسانی تۆ بوو.
چەند هاوارمان کرد کە قەڵای دێرینی
شمشێربازەکانی سامۆرایی و پاڵەوانە یەک
خوێنەکانی سۆمەری و جەنگاوەرە کوردەکان، پڕ
بووە لە برین و حەسرەتی شکست و داڕمان.
چەند هاوارمان کرد بۆ تاوێ ڕووناکیت ببارێنە
و ئاوی ژینمان پێ ببەخشەوە، بەڵام تۆ هەر
دانەگیرسای، ئاخر داگیرسانی تۆ داگیرسانی
هەموو پەرییەکانی خودایە، لە شەوەزەنگا
دەترووسکێنەوە.
هەموو باخەوانەکانی ناو دارستانانی دنیا،
هەڵڕژانە ناو مەیدانی ئۆلۆمپی گریک و کڵێسا
دێرینەکانی کریت و هاواریان دەکرد کە
داگیرسێی، بەڵام تۆ هەر دانەگیرسای.
ئێستاش هەموومان لە نێو خۆڵەمێشی خەمگینی
دەناڵێنین

کە غەرقی تاریکییەکی ئەبەدیی هادیس بووینە،
نە دەتوانین وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی
سووتانی خۆمان زیندوو ببینەوە
نە لە چاوەڕوانی داگیرسانی تۆ، قومێ ئاوی
جاویدانی بخۆینەوە.

**بەردی ئاسوودەیی سیزیفۆس**

بەردەکە بەردەکە، ئەی بەردی سپیی چارەنووس
مانای درەوشانەوەی من، تۆ چەقی تەقینەوەی
زمانی
دەی سیمبۆلی ئازاری ئەبەدی
کە بووەتە شانامەی خەمگینی سەرمەدی
بە تۆوە بەندە ژیانم، تۆ نیشتمانی منی
دەزانم بێمانایە ئەم بوونە
شمشێرەکەی دیمۆکلیسە ئەم ژیانە
کە مانەوەیەکی کورتخایەنە و
دواجاریش بەرەو تەوقی نەمانە
ژیان جگە لە تێشووی هیچگەرایی
چی هەیە دەرخواردی مرۆڤ بدات
دووبارەبوونەوەی ئەبەدییە
چیتر هەیە لەم سەر زەوییە؟
هاواری بۆ ببەین و بە دادمان بگات
تەنها لەگەڵ تۆدایە
مانایەک دەبەخشم بە دەروونی خۆم
مانایەک بمباتەوە بۆ کێڵگەی ئاسوودەیی
دارستانی گڕگرتووی مانەوە
ئێستێ چەقیوبەندی ناچاری سەر زەمین و زەمانم
لەتۆدایە ئاسوودەیی و بەختەوەری خۆم دەبینم
بەردەکە بەردەکە دەی چەقی چارەنووس
دەی سۆنگەی مان و نەمانم
گلۆر بیتەوە، یان نا
هەمان ئەو پرۆسەیە، مانایەک دەبەخشێ بە ژیانم
ئای چەند دڵخۆشم لەگەڵ تۆ

ئەی بەردی سپیی چارەنووس
درەوشانەوەت دەرگەی هەناسەم بۆ دەکاتەوە
ئەم ژیانە تژی گومان و شووشەی شکاوی یەقینە
کە گومان بۆ لایەکم دەبات و یەقین دەمگێڕێتەوە
کە یەقین بۆ ئەم لام دەبات
گومان بۆ شوێنی خۆیم دەباتەوە
کە هەڵتدەگرم بۆ لووتکە، دووبارە گلۆر دەبیتەوە
کە گلۆر دەبیتەوە دووبارە بەرەو لووتکەت دەبەمەوە
ئەمە خۆشترین گەمەی منە، ساتە درەوشاوەکانی
منە
چنینەوەی هیچە
تاکە میوەی هەموو وەرزەکانی منە
ئاخر ئاگر دزین لە خواکان
خوێنی جگەری پرومیتۆسی دەوێت بۆ داڵەکان
نەفرەتی من لە خواکان بەردێکی وەک تۆی
دەوێت
بۆ هەڵگەڕان بەسەر لووتکەی دووری چیاکان
تاکە ڕێگەی دروست ڕاهاتنە لەگەڵ تۆ
لاواندنەوەی دەستمە بەسەر پشتی لووس و
گەردنی تۆ
نامەوێ خۆم فریو بدەم
هەرخۆی ژیان فریوێکە بە ڕەنگ و بۆ
نامەوێ پارسەنگی نێوان گومان و یەقین ڕاگرم
وەک لووتکەی من و بناری تۆ
وەک هاوڕێیەتی شانی من و جەستەی زیوینی تۆ
خواکان لەمێژە ئێمەیان
وەک شووشەیەکی بە تاڵ فڕێ داوە و ئێمەیش
ئەوان
ئەوە هەڵەی زمان نییە، هاوکێشەیەکی زەبوونە
هەڵەی ئەندێشەی بوونمانە لەم هەبوونە
کوا ئێمەی چاوبەستەی ئەم سروشتە
شوێنێکی ترمان هەیە جگە لە بێشەڵانی تۆ؟
ئێرە ئێرە نەوەک ئەوێ

ڕزگار بوون تەنها دۆزینەوەی مانایە لێرە
نەوەک لەوێ، کە بێ بوونە
بەردەکە بەردەکە تۆ ئێرەی
ئەوێ خەیاڵێکە سەرمان هەڵیمژیوە
خەیاڵێکی سادەیە
بۆخۆمان کردوومانە بە یوتوپ و
هەموو ماناکانی کوشتووە
زمانیش گوزارشتی لێ ناکات
کە خۆی زیندانێکی گەورەیە
ڕێ بە گوزارشتمان نادات
بەردەکە بەردەکە
کە هەمیشە هەم لە لووتکەی و هەم لە بنار
هەم لە سەر زەوی هەم لە پەیوار
ئەوە ڕاستەقینەی ژیانە بە من بڕاوە
من و تۆ لە ناشوێن عاسێ بووینە
ئەو ناشوێنە ئیدی زادگای ئەبەدیمانە
بەردەکە بەردەکە کارەساتی من ئەوەیە
درکم بە بێمانایی ژیان کردووە
کە دووبارە بوونەوەی هەرهەرییە
هەموو سەرچڵییەکی تێدا مردووە و هەڵماندەمژێ
بازنەیەکە هەرگیز ناگەینە کۆتایی
دەسووڕێینەوە و دەسووڕێنەوە
تا پێشکەیێ، لە دارستانی ئەم هەبوونە
وەک دانتی دەمانکوژێ
من هیچ وەڵامێکم بۆ ئەو یاخیبوونەم نییە
هەوڵێکە بۆ خۆکوشتن
منم لە هیچگەراییەکەوە بۆ هیچگەراییەکی دی دەچم و
ناتوانم لێی ڕابکەم
بەردەکە بەردەکە
ئێمە بەیەکەوە دەتوانین ژیانمان خۆش بکەین
بیابانەکان پڕ ئاو بکەین و دارستانەکان تەی
بکەین
جوانی ببینین و شەرابی سەبووری نۆش بکەین
لە چۆن و چییەتی خۆمان بگەین، بۆ کوێ ڕابکەین
تازە من جگە لە تۆ
بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەمەوە، تۆ قەدەرمی
من پووچیی ئەم ژیانە بە تۆ خاڵی دەکەمەوە تا
ئازاد بژیم
ئازادیی پووچکردنەوەی ناوەرۆکی پەستیی ژیانە
ئێمە بە دەستی خۆمان چارەنووسمان دروست
کردووە
ئەو چارەنووسەش تەنها بە مردن کۆتایی دێت
بۆ لە خواکان بپاڕێمەوە بەردەکە
کە لەمێژە منیان فڕێداوە و جێیان هێشتووم
من تەنها لای تۆم هەیە و لایەکی ترم نییە لە
ژیان
تەنها ئێرەمان هەیە، ئەوێمان نییە
ئێمە دەبێ خۆمان ماناکان بدۆزینەوە
جلی ڕاستییان لەبەر کەین
تەنها خۆمان دەتوانین مانا ببەخشین بە خۆمان
بەبێ خۆمان، ئێمە هیچ نین، کۆمەڵە پووشێکین
لەناو با
چۆنی بوێت ئاوا بە نێو درک و داڵدا
دەمانسووڕێنێ و دەمانبا
بەردەکە بەردەکە ئەی درەوشەبەخشی ژیانی من
ئاسوودەم لەگەڵ تۆ، ئەمە بژاردەی خۆمە
ئەی بۆ مانەوەم تاکە هۆ.